لاریجانی ئامانجی سەردانەکەی بۆ عێراق و لوبنان ئاشکرا دەکات



عەلی لاریجانی سکرتێری گشتیی ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی ئێران ئێوارەی پێنجشەممە جەختیکردەوە، سەردانەکەی بۆ عێراق و لوبنان لەو چوارچێوەی پتەوکردنی پەیوەندییە ستراتیژییەکان و بەردەوامی هەماهەنگی ناوچەیی لەژێر ڕۆشنایی پێشهاتە خێراکانی ناوچەکەدایە.

عەلی لاریجانی لەو لێدوانێکیدا سەبارەت بەو یەکەم گەشتی دەرەوەی وڵات لەدوای وەرگرتنی پۆستە نوێیەکەی ئاماژەی بەوەدا، "هەڵبژاردنی عێراق و لوبنان وەک شوێنی سەرەتایی لەو سروشتی پەیوەندییە مێژوییەکان و هاوکاری نزیك لەگەڵ هەردو وڵات" سەرچاوەی گرتووە.

ڕوونیشیکردەوە کە "پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و هەردو وڵاتی عێراق و لوبنان قوڵ و ستراتیجین و هێڵ و ڕیشەیان درێژەبڵتەوە بۆ مێژو".

باسی لەوەشکرد، لە سەردانەکەیدا بۆ بەغدا باس لە "پرسە ستراتیژییەکان کراوە، هەروەها ڕێککەوتنێکی ئەمنی لەنێوان هەردولادا واژۆ کراوە، خاڵێکی سەرەکی ئەم ڕێککەوتنەش بەدواداچونی هاوبەشی ئاسایش و سەقامگیری و خاڵاگرییە لە هەردو وڵاتدا".

لەو وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بەوەی ئایا سەردانەکەی تەنها بۆ عێراق و لوبنان سنوردار دەبێت، بەدەر لە وڵاتانی دیکەی ناوچەکە، عەلی لاریجانی وتی، "ناوچەکەمان پڕ لە گۆڕاو و ڕووداوە، دەبێت پەیوەندی لەگەڵ هەمو لایەکدا هەبێت، بەمنزیکانەش سەردانی زیاتر ئەنجام دەدەین، لەوانەش بۆ وڵاتانی باکوری ئێران".

ئەوەشی ڕاگەیاند، "عێراق و لوبنانم هەڵبژارد، چونکە وڵاتی دۆستن و ساڵانێکی زۆرە هاوکاریمان لەگەڵدا کردون، بۆ منیش پێویست بو گەشتەکەم بە سەردانکردنیان دەستپێبکەم بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پێشهاتەکانی ناوچەکە".

عەلی لاریجانی جەختیکردەوە کە بژاردەی بەرخۆدان تەنیا لە هیچ مەزهەب و ئایینێکی دیاریکراودا سنوردار نییە و وتی، "ڕاستییەکە ئەوەیە کە پرسی بەرخۆدان تەنیا لە شیعەیان سوننەدا سنوردار نییە، بەڵکو پێژەیەکی هەمەلایەنەیە بۆ هەمو گەلانی تامەزرۆیی ئازادی و سەروەری، ئێرانیش پشتیوانی لە بزوتنەوەکانی خاڵاگری دەکات بەبێ گودانە پاشخانی تایفەگەری، پشتیوانی تاران لە حەماس وەك بزوتنەوەی خاڵاگری سوننە، هەروەها پشتیوانی لە حزبوڵای لوبنان وەك بزوتنەوەیەکی خاڵاگری شیعە، ئەمەش ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە هەڵوەستی ئێران نا تائیفییە"